*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3

JORNAL OF LANGUAGE STUDIES

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية
المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Problematic of Comparative Literature and Its Relationship with Cultural Criticism (A theoretical approach)

**Dr. Ari Othman Rstam*[1]**
**Department of Kurdish Language/**
**College of Basic Education/ University of Garmian**
**ari.o.rstam@garmian.edu.krd**

**Received:** 2/9/2025, **Accepted:** 14/9/2025, **Online Published:** 30/12/2025

## Abstract

This paper, titled (The Problematic of Comparative Literature and Its Relationship with Cultural Criticism), aims to present and explain the conceptual problematic concerns that exist between comparative literature and cultural criticism. The former is considered a pillar of literary studies, while the latter is an intellectual and critical methodology. They differ in many fundamental aspects, most notably their objectives, subjects, and points of reference.

From this perspective, the paper addresses the aforementioned subjects through three main sections: The first section provides a brief overview of the essence of comparative literature, summaries its key functions, and discusses its relationship with other branches of literary studies: literary history, literary theory, and literary criticism. The second section addresses the historical and contemporary crisis facing comparative literature. The third and final section is dedicated to presenting the relationship between cultural criticism and the crisis experienced by comparative literature, especially in the current era, which is witnessing

profound cultural changes in all aspects of social and political life in human societies.

**Corresponding Author:** Ari Othman Rstam, **E-mail:** ari.o.rstam@garmian.edu.krd
**Affiliation:** University of Garmian- Iraq.

©This is an open access article under the CC licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

**Keywords:** Cultural Criticism, Comparative Cultural Criticism, Eurocentrism, World Literature, Cultural Methodology, Cultural Studies

# اشكالية المقارنة الأدبية وعلاقتها بالنقد الثقافي- مقاربة نظرية

**د. اري عثمان رستم**
**قسم اللغة الكردية/ كلية تربية الاساسية/ جامعة كرميان**

**المستخلص**

يهدف هذا البحث، المعنون بـ(اشكالية المقارنة الأدبية وعلاقتها بالنقد الثقافي– مقاربة نظرية)، إلى تقديم وشرح الإشكالية المفاهيمية القائمة بين المقارنة الأدبية والنقد الثقافي. حيث يعد الأول أحد ركائز العلوم الأدبية، بينما يعتبر الثاني منهجاً فكرياً ونقدياً، ويختلفان في العديد من النقاط الجوهرية، أهمها الهدف والموضوع والمرجعية. من هذا المنطلق يعد موضوع البحث ملامسة أحد أهم التحولات في الدراسات الأدبية الحديثة، حيث يمكن تلخيص هذة الاشكالية في فكرة أن المقارنة الادبية، في صيغته الحالية، لم يعد كافيا وحده لتحليل النصوص الادبية بشكل كامل.

من هذا المنطلق، يتناول البحث المحاور المذكورة آنفاً من خلال ثلاثة أقسام رئيسية: المحور الأول: يقدم عرضاً موجزاً لماهية المقارنة الأدبية، ويلخص أهم وظائفها، إضافة إلى علاقتها بالأقسام الأخرى للعلوم الأدبية، وهي: تاريخ الأدب، ونظرية الأدب، والنقد الأدبي. المحور الثاني: يتناول الأزمة القديمة والمعاصرة التي تواجه المقارنة الأدبية. وأما المحور الثالث والأخير، فقد خصص لتقديم علاقة النقد الثقافي بالأزمة التي تعيشها المقارنة الأدبية، خصوصاً في العصر الحالي الذي يواكب تغيرات ثقافية عميقة في كافة نواحي الحياة الاجتماعية والسياسية للمجتمعات البشرية.

**الكلمات المفتاحية:** النقد الثقافي، الانساق الثقافية، المقارنة الأدبية، النقد الثقافي المقارن، المركزية الاوروبية.

## كێشەی بەراوردی ئەدەبی لە پەیوەندیدا بە ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە

## (تێروانینێکی تیۆریی)

**د. ئاری عوسمان ڕۆستەم**

**زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زمانی کوردی**

**ari.o.rstam@garmian.edu.krd**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

**پوختە**

پەیوەندیی بەراوردی ئەدەبی بە ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە، خۆی لەخۆیدا پرسێکی کێشەئامێزە، بەوپێیەی کە بەراوردی ئەدەبی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە هەڵگری جۆرە قەیرانێك بووە لە هەناوی خۆیدا، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی ئەم جۆرە پەیوەندییە کێشەئامێزە، هەنگاوێکی ڕژدە لەپێناو گواستنەوەی لێکۆڵینەوەکانی بوارەکە، بۆ نێو پانتاییەکی تیۆریی گەورەو جیاوازتر لەوەی تائێستا هەیەو پێی ئاشناین، ئەو پانتاییەش بریتییە لە ڕۆشنبیری بەکۆی پێدراوەکانی و کایە مەعریفییە جیاوازەکانییەوە، هەموو ئەمانەش پێکرا هەماهەنگی دەکەن لە دیاریکردنی سیماکانی ئەدەبیاتی سەردەمێك، کە بە هەموو شیوەیەك دەیەوێت دارشتەو وێنای پێشووی خۆی تێپەڕێنێت و لە چەمکگەلێکی باوی وەك کاریگەریی و کاریگەربوونەوە بگوازێتەوە بۆ چەمکە ئاڵۆزەکانی پاش-بونیادگەرایی و پاش-کۆلۆنیالیزم لە نموونەی سەرلەنوێ- بەرهەمهێنانەوەی دەق و بەرەنگاربوونەوەی نەسەقە کلتورییە شاراوەکانی ناو کۆمەڵ و... هتد. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەوڵدانێکی تیۆرییە بەو ئاراستەیەداو تێیدا شیکردنەوە بۆ بنەما فیکرییەکانی کێشەکە دەکرێت و چۆنێتیی بەرخورد لەگەڵیدا دەخرێتەڕوو.

کلیلە وشە: ڕەخنەی ڕۆشنبیری، بەراوردی ئەدەبی، ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاری، ئەورووپاسێنتەری، نەسەقە کلتورییەکان...

## پێشەکی

بەراوردی ئەدەبی وەك یەکێك لە زانستەکانی ئەدەب (لقێکی ئەدەبییاتناسی) هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانییەوە قەیرانێکی ناوەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کە لە کۆمەڵێك خاڵی جەوهەریدا خۆیان دەنوێنن، لەوانەش: کێشەی میتۆدناسی و سنوور و ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان، بەڵام لەگەڵ پێشەوەچوونی قۆناغە مێژووییەکانی پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری مرۆڤایەتیدا، پرسەکە لە فۆرمی کێشەیەکی نوێدا دەردەکەوێت، ئەویش خۆی لە سەرهەڵدانی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری)دا دەبینێتەوە، بەوپێیەی کە بازدانێکی جۆریی گەورەو بەرچاوە لە کێڵگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە بۆ ناو پانتایی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی وەك کایەیەکی مەعریفی و هزریی و لەگەڵ خۆیدا چەندین گۆڕانکاریی لە بەستێنی ئەدەبییاتناسیدا هێناوەتە گۆڕێ.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** سەرەکیترین هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە (کێشەی بەراوردی ئەدەبی لە پەیوەندیدا بە ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە)، دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی بابەتەکە بەتایبەت لەبواری لێکۆڵینەوە تیۆرییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، کە پێمانوایە وەك پێویست ئاوڕ لەم جۆرە باس و بابەتە نەدراوەتەوە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** لە ناوکۆی گشتیی توێژینەوەکەدا هەوڵی ئەوە دراوە باس لە پرسی کێشەئامێزی بەراوردی ئەدەبی لە پەیوەندیدا بە چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیری و هەروەها ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەراوردکارییەوە بکرێت، کە وەك کێشەیەك لەبەردەم بەراوردی ئەدەبیدا دەیناسێنێت و ئەنجامگیرییەکانی خۆی لێوەبەدەست دەهێنێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆئەوەی ڕەوتی توێژینەوەکە بە ئاراستەیەکی زانستیدا بڕوات، هەوڵمانداوە میتۆدی (ڕەخنەی شیکاریی- Analytical Criticism) لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە پێڕەوبکەین.

**سنووری توێژینەوەکە:** لە توێژینەوەکەدا ئاوڕ لەو باس و بابەتانە دراوەتەوە، کە لە چوارچێوەی ناونیشانی سەرەکیدا ئاماژەیان بۆ کراوەو تایبەتن بە پرسگەلی بەراوردی ئەدەبی، ڕەخنەی ڕۆشنبیریی و ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاری و بەمەش توێژینەوەکە خۆی لە هەر چەمکێك دەپارێزێت، کە ڕاستەوخۆی نەچێتە خزمەتی ناونیشانە گشتییەکەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا، کە ڕاستەوخۆ ڕووەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئاراستەمان دەکەن، لە نموونەی: ئایا کێشەی بەراوردی ئەدەبی لە چ ئاستێکدایەو سەرهەڵدانی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی چ پەیوەندییەکی بەو کێشەیەوە هەیە؟ ئاخۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیریی خۆی وەك

ئەلتەرناتیڤێك بۆ بەراوردی ئەدەبی دەخاتەڕوو، یان هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی یەکجارەکیی بەراوردی ئەدەبی و دەرهاوێشتنی لە پانتایی ئەدەبییاتناسیدا؟

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم ماهییەت و ئەرك و پەیوەندییەکانی بەراوردی ئەدەبی تێدا خراوەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا باس لە پرسی گشتیی کێشە بەراوردی ئەدەبی کراوەو لە کۆتا بەشیشدا (بەشی سێیەم) کێشەی بەراوردی ئەدەبی لە پەیوەندیدا بە ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە بەرباس دراوە. لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا گەڵاڵە کراون و لیستی سەرچاوەکانیش بە شێوازێکی زانستی ڕێکخراوەو خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## ماهییەت، ئەرك و پەیوەندییەکانی بەراوردی ئەدەبی

### - یەکەم/ زاراوەی بەراوردی ئەدەبی

بۆ ناسینی ماهییەتی هەر زانست و چەمکێك پێویستە سەرەتا لە دیاریکردنی سنووری ئەو زاراوەیەوە دەست پێبکەین، کە چەمکی زانستەکەی پێدەناسرێتەوە، چونکە ئەوە زانراوە، کە زاراوە کلیلی کردنەوەی دەرگای هەر بوارێکی مەعریفییەو ئاسانکارییەکی گەورە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی زانستەکە دەکات، لەم ڕوانگەوە وەك زۆر بواری تری زانستی و مەعریفی، ئەدەبی بەراوردیش ((لەناو ئەدەبیاتی هەر میللەتێکدا زاراوەیەکی تایبەتی بۆ بەکاردەهێنرێت. لەناو ئەدەبییاتی ئینگلیزیدا زاراوەی Comparative Literatureی بۆ بەکاردێت، لای فەرەنسییەکان زاراوەی Litteratura Compareeی بۆ بەکاردێت، ئیسپانییەکانیش Letteratura Comparaی بۆ بەکاردێنن. هەرچی ئەدەبییاتی عەرەبییە زاراوەی (الأدب المقارن)ی بۆ بەکاردێنن.))**(قادر، 2007، 78)**

لە زمانی کوردیدا زۆرجار زاراوەی (ئەدەبی بەراورد) یان (ئەدەبی بەراورکاریی) بەکاردەهێنرێن، کە هەڵبەت وەرگێڕانێکی وشەبەوشەی زاراوە عەرەبییەکەیە، کە (زاراوەیەکی لێکدراوە، لە دوو زاراوەی دیکە وەرگیراوە، یەکەمیان (ئەدەب)ە، کە بە واتای وشەیی بریتییە لە نواندنی خوو و ڕەوشتی جوان لە گوتەو کردەو هەڵسوکەوتە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ لەگەڵ بەرانبەرەکانی، بەوپێیەی ڕەچاوی بەهاو ڕەوشتە ژیارییەکانی کۆمەڵگای کردبێت و... دیارە کۆمەڵگەش لەسەر ئەو بنەمایە خەڵکی دابەش دەکاتە سەر (بەئەدەب) و (بێئەدەب) و (کەم ئەدەب) و... بەم شێوەیە، بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە (ئەدەب) بریتییە لە: نواندنی هونەر لە گوتەو دەربڕیندا، نووسراو بێت، یان سەرزاری.))**(عەبدوڵا، 2008، 61)**

هەرچی بەشی دووەمی زاراوەکەیە، کە (بەراوردکاری)یە، ((دیارە لەڕووی وشەییەوە بە واتای پێکەوە بەراوردکردنی دوو شت و زیاتر بە یەکەوە بەکاردەهێنرێت، پێشینان کە هاتوون لە پەنجەکانی دەستی مرۆڤ وردبوونەتەوەو پێکەوەیان بەراورد کردوون، گوتویانە (پەنجەی دەست هەمووی وەکوو یەك نییە**!**) هەرچی لە ڕووی زاراوەییشە، دیارە واتاکەی لە واتا وشەییەکەی نزیکە، بەڵام تایبەتە بە بواری ئەدەبی و بریتییە لە پێکەوە بەراوردکردنی دوو دەق یان دوو ئاراستە یان دوو جۆرو دوو ڕێبازی ئەدەبی، کە ئەو دووانە بەپێی قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری لەگەڵ یەکێکی دیکەوە، تایبەتمەندییەکانیان بۆئەوەی پێکەوە بەراورد بکرێت، لە یەك جیادەبێتەوە.))**(عەبدوڵا،2016، 56)**

ئەگەرچی بەکارهێنانی (ئەدەبی بەراورد) وەك زاراوەیەکی باوی لێ هاتووە، بەڵام ئێمە لێرەدا زاراوەی (بەراوردی ئەدەب) بە گونجاوتر دەزانین، چونکە پێمانوایە(بەراوردی ئەدەب) لەپاڵ هەریەك لە (مێژووی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەب و تیۆری ئەدەب)دا یەکێك لە زانستەکانی ئەدەب (ئەدەبییاتناسی) پێکدەهێنێت، واتە ئەوانە پێکەوە زانستەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێکدەهێنن، ڕەنگە بەڵگەی سەلماندنی ئەم بۆچوونەش ئەوە بێت، کە هەرکام لە (مێژوو، ڕەخنە، تیۆر و بەراورد) بۆخۆیان هەم کایەی زانستی و مەعریفین و هەمیش وەك میتۆدو ئامرازێکی

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

لێکۆڵینەوە بەردەست و ناسراون، بە لەیەکدانیان لەگەڵ (ئەدەب)دا وەك ڕشتەی جێمەبەست، میانڕشتەییەك پێکدەهێنن، کە ڕاستەخۆ دەچنە نێو بازنەی ئەدەبییاتناسییەوەو پێکڕا زانستەکانی ئەدەب پێکدەهێنن، هەربۆیە لەڕووی زاراوەسازییەوە، پێشخستنی (بەراورد)کارییەکە بەسەر (ئەدەب)دا زانستیبوونەکەی دەردەخات، هەروەك چۆن لە سێ لقەکەی تریشدا ئەو لەپێشتربوونە ڕەچاوکراوە، بەدەر لەوەی کە لەبەرانبەر زانستەکانی ئەدەبدا، (بەشەکانی ئەدەب) یان (لقەکانی ئەدەب)مان هەن، کە بریتین لە: (ئەدەبی کۆن، ئەدەبی، فۆلکلۆر، ئەدەبی نوێ، ئەدەبی هاوچەرخ، ئەدەبی منداڵان و... هتد)، بەم شێوەیە لەڕووی داڕشتنی زمانیی زاراوەکانەوە، زۆر بەئاسانیی جیاوازیی نێوان زانستەکانی ئەدەب و بەشەکانی ئەدەبمان بۆ دەردەکەوێت. خۆ ئەگەر پێمانوابێت (بەراوردی ئەدەبی) زانستێکی ئەدەبی نییە، ئەوکات دەبێ (ئەدەبی بەراورد) بخەینە پاڵ بەشەکانی ئەدەب، نەك زانستەکانی ئەدەب، کە دیارە ئەمەش هەڵەو جێی پەسەندیی نییە!(بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانرێتە: عومەر، 2025، 43)

- **دووەم/ ماهییەتی بەراوردی ئەدەبی**

وەك لەپێشتریشەوە ڕوونمان کردەوە، بەراوردی ئەدەبی یەکێك لە زانستەکانی ئەدەبەو هاوکات((کرۆك و پێویستییە بۆ مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب، چونکە سەرچاوەی شەپۆلەکانی هونەری و هزرەکانی ئەدەبی نەتەوەیی دەدۆزێتەوە.))(مەعروف، 2006، 102-103) لێرەشەوە پێناسەکردنەکەی جۆرێك لە ئاڵۆزیی و پێکداچوونی پێوە دیار دەبێت، بەوپێیەی کە چەندین قوتابخانەو ڕەوتی جیاجیای لەخۆگرتووە(بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبییەوە، دەڕوانرێتە: علوش، 1987 هەروەها: هلال، 2008) و هەریەك لەو قوتابخانەو ڕەوتانەش ڕوانین و تێگەیشتنی جیاوازی خۆیان بۆ ئەدەب و ئەدەبییات و چۆنێتیی بەراوردکاریی نێوانیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ بەوەی بناسێنین، کە ((هونەرو ڕێسایەکە بۆ بەراوردکردن لەڕێگای پەیوەندیی ئەنالۆگ و پێکچوون و وێکچوون و خزمایەتی، کاریگەریی و گواستنەوەی کاریگەری یان بەراوردکردنی دوو تێکستی ئەدەبی لەنێوان دوو زمان و دوو ئەدەب. بەراوردکردنەکان هەردەم لەنێوان کۆمەڵێك زمان و فەرهەنگە، لەڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندیی و کاریگەرییەکانەوە.))(عومەر، 2025، 49) هەروەك (دانییێل-هێنری باجو)یش لەبارەی بەراوردی ئەدەبییەوە دەڵێت: ((ئەو هونەرە پرۆگرامسازییەیە، کە لە پەیوەندییەکانی لێکچوون و لێکنزیکی و پێکەوە کاریگەربوون و نزیککردنەوەی ئەدەب لە بوارەکانی دیکەی مەعریفەو دەربڕیندا دەکۆڵێتەوە.))(عەبدوڵڵا، 2016، 56) هەروەها بەراوردی ئەدەبی بەوەش پێناسە کراوە، کە((بریتییە لەو جۆرە لێکۆڵینەوانەی هەڵدەستێت بە دۆزینەوەو ڕوونکردنەوەی لایەنی لێکچوون و جیاوازیی لەنێوان دوو بەرهەمی ئەدەبی جیاواز لە زمان و نەتەوە، بە مەرجێك پێوەندییەکی مێژوویی بەهێز لەنێوانیاندا هەبێت و هەردوو (نووسەر-شاعیر) ئاگاداری یەکتر بووبن و یەکێکیان سوودی لەویتر وەرگرتبێت یان سوودی پێی گەیاندبێت.))(قادر، 2007، 79) لەڕوانگەی (جێرمۆنسکی)یشەوە بەراوردی ئەدەبی ((زانستێکە لە گەشەکردنی ئەدەبە نەتەوەییەکان دەکۆڵێتەوە، بە لە بەرچاوگرتنی ڕاستەقینەی کارلێکی ڕۆشنبیریی بەردەوامی نێوان ئەو نەتەوانەو لە چوارچێوەی ئەو ئەدەبە جیهانییەی کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یەك دەخات.))(عەبدوڵڵا، 2008، 62)

بەم شێوەیەش ئەوا بەراوردی ئەدەبی لەڕوانگەی ئەدەبی نەتەوەییەوە، بریتی دەبێت لە ((توێژینەوەی ئەدەبی نەتەوەیی لە پێوەندییە مێژووییەکەی لەگەڵ ئەدەبەکانی تردا، چۆن ئەم ئەدەبە بەو ئەدەبەی تر پەیوەندیی کردووە؟ چۆن کاریگەرییان لێکترکردووە؟ چی وەرگرتووەو چی بەخشیوە؟ لەسەر ئەم بنەمایانە توێژینەوەی ئەدەبی بەراوردی باسی ئەم گواستنەوانە لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێکی تر دەکات، ئەم گواستنەوانەش لە واتاکانی زمانەوانی، بابەتەکان، وێنەکان، شێوازەکانی هونەری بەدەردەکەون.))(مەعروف، 2006، 103) واتە لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی ئەدەبیدا پێویستە گرنگییەکی زۆر بە پێوەندیی مێژوویی بدرێت و دەستنیشان بکرێت، ڕووی پێکچوون و پێکنەچوونی هەردوو دەقە ئەدەبییەکە دەستنیشان بکرێت و ڕادەی کاریگەربوونەکەش دەربخرێت، ئەوەش ڕوون بکرێتەوە، کە تا چەند نووسەر یان شاعیر هەوڵیداوە لایەنی ڕەسەنایەتیی بەرهەمی ئەدەبی نەتەوایەتی بپارێزێت.(قادر، 2007، 79)

لەلایەکی ترەوە بەراوردی ئەدەبی بەوەیش پێناسەکراوە، کە زانستێکە ((لە کاریگەری و پێوەکاریگەربوون دەکۆڵێتەوە لەنێو ئەدەبدا، ئەمەش لەسەر هەموو ئاستەکان، چ لەنێوان نووسەرێك و نووسەرێکی دیکە بێت یان لەنێوان زمانێك و زمانێکی تر یان لەنێوان ڕەوتێکی فیکری و ڕەوتێکی دیکەی فیکری، هەروەها لە گواستنەوەی جۆرە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی دیکە، لەگەڵ ئەو دانوستاندنانەی نێوان میللەتان لە تەواوی قۆناغە لێکجیاکانی مێژوودا.))(عەبدوڵڵا، 2008، 62) بە شێوە گشتییەکەی، بەراوردی ئەدەبی دوو چەمکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: بەراوردی ئەدەبی زارەکی و لێکۆڵینەوەی کاریگەریی و پێکاریگەربوون.(دەڕوانرێتە: منظم و منصوری، ؟، 127) لێرەشەوە (هاڵبێرگ) بۆچوونی تایبەتی خۆی لەبارەی چەمکی بەراوردی ئەدەبییەوە ڕوون

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

دەکاتەوەو پێیوایە، کە ((لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری یان بە یەکگرتن، بەشێوەیەکی گشتی مانای ئەوەیە میتۆدی ئەدەبناسییە، مەبەست لەوەیە خوێندنەوەیەکی جیاوازی بەرهەمێکی شیعری، هەمیشە دەتخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی بەئاگا یان بێئاگا ئەو ئەزموونە ئەدەبییەی تا ئەوکات بەرانبەر ئەم بەرهەمی ئەدەبی یان ئەویدی قوت بکەیتەوە.))(هالبێرگ و دانەرانی تر، 2018، 152) بەم پێودانگەش بێت پێناسەی بەراوردی ئەدەبی بەم شێوەیە دەکەوێتەوە، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییە دروستبووانەی لەنێوان بەرهەمەکانی گەورە دانەرانی هەر دەوڵەتێك دەبینرێتەوە، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی پێوەی کارتێکراو بوونە، یان شتیان لێهەڵگۆزیوە، یان بیرۆکەیان لێوەرگرتووە، هەروەها گرنگی بەو گۆڕانە سەیرانەو شێواندنە جێی داخانەش دەدات، کە تاك و میللەتان بەسەر بەرهەمی تاك و میللەتانی دیکەیدا دێنن، ئەمەش لەبەرئەوەی دەکەونە ژێر چەندین کاریگەریی و هۆکاری لەیەکترجیاو دژبەیەکی وەکوو نەزانی و وەهم و خەیاڵی چڕو چیرۆکە زۆر بەکارهێنراوەکان و ئەدەبە بۆماوەییەکان.(عەبدوڵڵا، 2016، 57)

بەم جۆرەو لەڕێگەی ئەم پێناسانەی تا ئێرە خرانەڕوو، سەرنجی ئەوە دەدەین، کە بەراوردی ئەدەبی هەم وەك زاراوە هەم وەك چەمك و پێناسەیش خۆی لەخۆیدا هەڵگری جۆرێك لە ئاڵۆزییە، ئەمەش بەوپێیەی ((خودی زاراوەکە هەر لەگەڵ ناوهێنانی گەلێك چەمك و زاراوەی تر بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت، لەوانەش: ئەدەبی نەتەوایەتی، ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی گشتی.))(قادر، 2007، 78) هەر ئەوەشە وادەکات لەوەی (کرۆتشێ) پێیوابێ، چەمك و زاراوەی بەراوردی ئەدەبی تێکەڵ و پێکەڵییەکی زۆری تێداکراوە، بەوەی ڕاستەقینەی خۆی شاردووەتەوە، کە ئەویش لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبە.(باسنیت، 1999، 7) ئێمەش ئەم ئاڵۆزییەی چەمکەکە وەك پێدراوێك وەردەگرین و هەوڵدەدەین لە تەوەری دواتردا لەڕێگەی خستنەڕووی پەرەسەندنەکانی بەراوردی ئەدەبی و پەیوەندییەکانییەوە بە کۆمەڵێك زاراوەی ترەوە، تیشکی بخەینەسەر، کە بەدەر لە (کرۆتشێ)، هاوکات هەریەك لە(ئۆستن وارین و ڕێنییە وێلیك)یش لە کتێبەکەی خۆیاندا (تیۆری ئەدەبی) ئاماژەیان پێی داوە.(بۆ زانیاریی زیاتر دەڕوانرێتە: وارین و ویلیك، ؟، 57- 66)

**- سێیەم/ بەراوردی ئەدەبی و پەیوەندییەکانی**

بەراوردی ئەدەبی لە ئەنجامی پەرەسەندنی ڕەخنەی ئەدەب و مێژووی ئەدەبەوە پەیدابووە، بەڵام دواتر بووە بە بوارێکی سەربەخۆ و یارمەتیی پێشڤەچوونی گشت لایەنەکانی دیکەی ئەدەبی داوەو ڕێگای بۆ ئەدەبێکی جیهانییش خۆش کردووە.(قەرەنی، 2013، 44) کەواتە لەڕووی مێژووییەوە ((وەك نەریتێکی کۆن، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، کە باس لە بەراوردی ئەدەبی دەکرێ یان کە باسیان لە بەراوردی ئەدەبی دەکرد، دەیانگوت: ئەدەبی گشتی و بەراوردکاری، یان بەراوردی ئەدەبی و گشتی.))(عومەر، 2025، 43) لەلایەکی تریشەوە بەدەر لە ئەدەبی گشتی، هاوکات بەراوردی ئەدەبی ((پەیوەندیی و ڕووخساری لێکچووی نێوان ئەدەبی نەتەوە جیاجیاکان شیدەکاتەوەو لێیاندەکۆڵێتەوە.))(ئەسوەد، 2011، 46) هەروەك پەیوەندیی بەراوردی ئەدەبی بە ئەدەبی جیهانیشەوە خاڵێکی حاشا لێ نەکراوە، بەوپێیەی کە زۆرجار بەراوردی ئەدەبی وەك میتۆدێك بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبی جیهانی چاوی لێدەکرێت.(دەڕانرێتە: سکر، 2018، 19- 23)

لێرەوە وا پێویست دەکات ئاماژە بە چەمکی هەریەك لە ئەدەبی نەتەوایەتی, ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی گشتی بدەین و پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەراوردی ئەدەبیدا بخەینەڕوو، ئەمەش وا دەکات لەو پێناسانەی کە لە گەلێك ڕوانگەی جیاوازەوە دەخرێنەڕوو، تێبگەین و هەروەك دشتوانین پێناسەگەلی نوێتر بۆ چەمکی بەرباسدراو پێشکەش بکەین.

1- ئەدەبی نەتەوەیی: ئەدەبی نەتەوەیی بریتییە لەو ئەدەبەی کە تایبەتە بە کۆمەڵێکی مرۆیی دیاریکراو، کە لە سایەی ئاڵای یەك شوناسی دیاریکراودا کۆبوونەتەوە، جا ئێتر ئەو کۆمەڵەیە نەتەوە، گەل، میللەت یان ئێتنییەك بێت، گرنگ ئەوەیە ئەدەبەکە بەو زمانە بەرهەم هێنرابێت، کە خۆیان لەسەری ڕێککەوتوون و بەهۆیەوە کۆبوونەتەوە.(اصطیف، 2018، 11) واتە ((هەموو نەتەوەیەك ئەدەبی نەتەوەیی و ڕەسەنایەتیی خۆی هەیە، کە لە میللەتانی تر پێی جیادەکرێتەوە، چونکە خاسییەت و ڕەگەزی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەناو میللەتانی تر پێی دەناسرێتەوە.(حەسەن، 2007، 105) سەبارەت بە پەیوەندیی ئەدەبی نەتەوەیی بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە ئەوا ((ئەگەر ئاوڕێکی سەرپێیی لە ڕابردووی میللەتان بدەینەوە دەبینین، بەڵگەیەك نییە، کە نەتەوەیەك توانیبێتی بە گۆشەگیریی و لاتەریکی و دوورەپەرێزیی بگاتە ئەنجام.)(مەنمی، 2007، 7) بە واتایەکی تر لە مێژووی بەراوردی ئەدەبیدا ((باسی ئەو پێشکەوتنە دەکەین، کە ئەدەبی نەتەوایەتی بە هۆی ئەدەبی بەراوردکارییەوە بەخۆیەوە دەبینێ، هەروەها باسی کاریگەریی ئەدەبی بەراوردکاری دەکەین لەسەر ئەدەبی نەتەوایەتی.))(حەسەن، 2007، 105) بەم چەشنە بەراوردی ئەدەبی بریتی دەبێت لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نەتەوایەتی لەڕووی پێوەندیی مێژوویی ئەم ئەدەبە بە ئەدەبی نەتەوەکانی ترەوەو هاوکات ((ئاسۆیەکی نوێ بە ئەدەبی نەتەوەیی دەبەخشێ، توێژینەوەکانی ئەدەبی بەراوردکاری چاوی توێژەرەوە لەبواری ڕۆشنکردنەوەی

ڕەسەنایەتی لە ئەدەبی نەتەوەییدا دەکاتەوەو لەو ئەدەبەی کە هاتۆتە ناوەوە جیای دەکاتەوەو هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ قوولکردنەوەی ئەو ڕەسەنایەتییەو هۆکارەکانی پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەڵقوڵاوی ئەم ڕەسەنایەتییە، کە لەگەڵ کەلەپووری ئەدەبی نەتەوەکەی گونجاوە.))(مەعروف، 2006، 122) خاڵێکی جەوهەریش هەیە، کە پێویستە لەبارەی ئەدەبی نەتەوەییەوە بیخەینەڕوو، ئەویش ئەوەیە، کە ((ئەدەبی هەموو نەتەوەیەك لەناو خاسییەتی تایبەتی و گشتی دەژیێ، لەنێو خزمایەتی و سەربەخۆییدا دەژیێ، لەناو تێکەڵاویی و تەنیاییدا دەژیێ، هەموو ئەم خاسییەتانەش هەردەم بەیەکەوەن. سنووری ئەدەبی هەموو نەتەوەیەك لەناو سنووری ئەدەبی نەتەوەیەکی ترەو لەناو خۆشیدا هەیە.))(عومەر، 2025، 62)

2- ئەدەبی جیهانی: هەرچی ئەدەبی جیهانییە، ئەوا داهێنانی چەمك و زاراوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (گۆتە)ی شاعیری ناوداری ئەڵمانی، کاتێك ((کێشەی ئەدەبی جیهانی ورووژاند، وای هات بە خەیاڵدا، کە ئەدەبە جیاوازەکان هەموویان لە یەك ئەدەبدا کۆدەبنەوە، گەلان بە ڕۆڵی زێ هەڵدەستن، کە بەرهەمەکانیان دەڕژێتە ناو ڕووباری گەورەوە.))(مەعروف، 2006، 123) بەم پێودانگەیش دواجار یەکێتییەکی گشتی لەنێوان ئەدەبی سەرجەم گەلاندا دروست دەبێت و بەمەش ئەدەبێکی جیهانیی یەکگرتوو پێکدێت و ئەنجا تیۆری ئەدەبی جیهانی لەدایك دەبێت.(ندی، 1991، 30) دواجاریش لە دەرکەوتنە سادەکەیدا، ئەدەبی جیهانی وەك نووسەری پورتوگالی (میگێل تۆرگا) پێناسەی دەکات: ((بریتییە لە خۆجێیەتییەکی بێسنوور.))(دانییل، 1997، 33) پەیوەندیی بەراوردی ئەدەبی بە ئەدەبی جیهانییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانەوە، ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان پتر لەیەکدی نزیك دەبنەوەو ڕێگە بۆ ئەو خەونەی (گۆتە)و هاوبیرەکانی خۆش دەکرێت، چونکە بەراوردی ئەدەبی ((ئاستی ئەدەبی نەتەوەیی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی ئەدەبی جیهانی، هەروەك (پۆل ڤان تیگم) دەڵێت: ((ئەدەبی بەراوردکاری سەرێکی پەیوەستە بە ئەدەبی نەتەوەییەوەو سەرەکەی دیکەی پەیوەستە بە ئەدەبی جیهانییەوە.))(ئەسوەد، 2015، 37) لەڕاستیدا ئەم چەمکە وەك ئەوەی (گۆتە) بیری لێکردبوویەوە، وەك خۆی بەدی نەهات و لەم سەردەمەدا گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، بەوەی کە ((مەبەست لەم زاراوەیە (شاکارەکانی ئەدەبی جیهانی)یەو ئاشکرایە ئەمانە بەهای بەرزیان هەن، بەڵام لە سەرێکی تریشەوە، تەنیا بەوانەش کار مەیسەر نابێ و هەموو ئەدەب ناگرێتەوە، دیارە لە ئەنجانی گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونی مرۆڤ و بەرزبوونەوەی ئاستی شارستانییەتی جیهانییەوە لەڕووی ئابووری و تەکنیکی و کۆمەڵایەتییەوە، پەیوەندیی لەنێوان گەل و وڵاتانی دنیادا گەیشتە ئاستێکی بەرز و گەشەسەندوو، بۆیە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە ئەدەبی بەراوردکاری لاپەڕەیەکی تر دەکاتەوە بۆ ئەدەبی ئەو گەلانەی پێشتر کەمتر دەربارەیان دەزانرا، بەتایبەت ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵات و پەیوەندیی کەلتووریی پەیدابووی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.))(محەمەد، 2011، 10)

3- ئەدەبی گشتی: ماوەتەوە چەمکی ئەدەبی گشتی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەراوردی ئەدەبیدا، کە ئەویش لەڕوانگەی (عەزیز گەردی)یەوە بریتییە لە ((فراوانبوونەوەی بازنەو چەمبەری لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری، بۆیە بەبێ شارەزابوونی ئەدەبی بەراوردکاری ناتوانین تخونی ئەدەبی گشتی بکەوین، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە هەر کەسێ باسی ئەدەبی بەراوردکاری کردبێ و بیکا، خۆشی بێ و ترشی بێ، باسەکەی لەئەنجامدا سەر بۆ باسکردنی ئەدەبی گشتی دەکێشێ و لەکۆتاییدا بەشێك بۆ ئەدەبی گشتی تەرخان دەکا.))(گەردی،1978، 142) لەم ڕوانگەوە (پۆل ڤان تیگم) دەڵێت: ((مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی وێنەی پێشکەوتنی ئەدەبە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری وێنەی کارتێکردنی نووسەرێکە لە نووسەرێکی تردا یاخود ئەدەبێکە لە ئەدەبێکی تردا لە ماوەیەکی درێژدا، بەڵام ئەدەبی گشتی باس لە دیاردەکان لە پارچەیەکی فراوان و لە کورتترین ماوەدا دەکات.))(مەعروف، 2006، 127) واتە ئەرك و پەیام و کردەی ئەدەبی گشتی هەروەکوو بەراوردی ئەدەبی لێك نزیککردنەوەی بیروڕاو هەست و نەست و سۆزو گودازو فەلسەفەی ئەدەبی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی دونیایە، پتەوکردنی پەیوەندیی گیانی بە گیانی دۆستانە و مرۆڤانەی ئەو نەتەوانەیە.))(گەردی، 1978، 143) جیاوازییەکی جەوهەریش لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا هەیە، ئەویش ئەو سنوورەیە، کە(پۆل ڤان تیگم) لەنێوانیاندا دیاری کردووە، کاتێك ئاماژەی بەوە داوە، کە ((ئەدەبی گشتی لە بزووتنەوە نوێگەرییە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە کاتێك بەسەر ئەدەبی نەتەوەییدا بەرزدەبێتەوە، بەڵام ئەدەبی بەراورد لە پەیوەندییە تێکچڕژاوەکانی نێوان دوو ئەدەب یان زیاتر دەکۆلێتەوە.))(وارین و ویلیك، ؟، 61) واتە بەراوردی ئەدەبی تەنیا لە کارتێکردنی مسۆگەر دەدوێ، هەروەها لە تۆمارکردنی وێکچووەکان دووردەکەوێتەوە، بەڵام ئەدەبی گشتی باس لە لێکچووەکانی جێگیر لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەکات، هەوڵدەدات ئەم لێکچووانە بە کاریگەریی هۆکاری هاوبەش ڕاڤە بکات.(مەعروف، 2006، 127) خاڵێکی گرنگ هەیە، دەبێت ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش جیاوازیی نێوان ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی گشتییە، کە بریتییە لەوەی ئەدەبی گشتی گرنگی بە ئەدەبی نەتەوەیی دەدات ئەگەرچی ئەو ئەدەبە نەتەوەییە

ناوبانگی جیهانیبوونیشی نەدرابێتە پاڵ، لەکاتێکدا ئەدەبی جیهانی تەنها گرنگی بەو دەقە ئەدەبییانە دەدات، کە سنووری نەتەوەیان بڕیوەو لە ئاستێکی جیهانیدا دەناسرێنەوە، وەك دەقەکانی (شکسپیر، تۆڵستۆی، دۆستۆیۆڤسکی و... هتد).

بەگشتی دەتوانین پەیوەندیی و جیاوازیی بەراوردی ئەدەبی لەگەڵ هەریەك لە سێ چەمکە باسکراوەکەدا بەم جۆرە پوخت بکەینەوە: ((ئەدەبی بەراوردکاری کەمتر بایەخ بە بڵاوبوونەوەی دیاردە ئەدەبییەکان دەدات و بە پلەی دوو سەیری دەکات، چونکە ئەمە بە کاری چەندی و ئاماری دەزانێت. بەگوێرەی ئەدەبی جیهانی، ئەدەبی نەتەوەیی وەك بەشێك لەو سەیر دەکرێت، بەڵام زانستی ئەدەبی بەراوردکاری هەوڵی نیشاندانی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و جیاوازیی هەر گەلێك دەدات. ئەدەبی جیهانی وەك شانۆیەك وایە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەدەبی تێدا نیشان دەدرێت، بەڵام ئەدەبی بەراوردکاری تایبەتمەندیی بەرهەمی کەسایەتییە دیارەکانی ئەدەب و ڕۆڵیان دەردەخات، بەشێوەیەکی دیار و ڕوون لە شێوازی بابەتە گشتییەکانی بەرهەمیان لەبەر ڕۆشنایی قۆناغی مێژووییەکاندا دەکۆڵێتەوە.))**(محەمەد، 2011، 19)** هەرچی ئەدەبی گشتییە لەمیانی ئەدەبی جیهانییەوە لێی دەڕوانرێت، واتە لە سایەی ئەودا مامەڵەی لەگەڵ کرێت و هەروەها لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گشتی گرنگی بە پەیوەندیی و لایەنی کاریگەریی و کارتێکەریی نێوان ئەدەبە جیاوازەکان نادات، وەك ئەوەی لە بەراوردی ئەدەبیدا هەیە.

- **چوارەم/ ئەرکی بەراوردی ئەدەبی**

پێش ئەوەی بچینە سەر بابەتی بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان، بە پێویستی دەزانین لێرەدا -ئەگەرچی بەشێوەیەکی زۆر کورتیش بێت- ئاماژەیەك بە ئەرك و بایەخی بەراوردی ئەدەبی بدەین، کە ئەویش لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدا کۆدەکەینەوە:

1. ئەرکی بنەڕەتیی بەراوردی ئەدەبی لێکۆڵینەوەیە لە سێ دیاردە: پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەدەبەکاندا، واتە وەرگێڕان، کاریگەریی، لێوەرگرتن، لێکچوونی تیپۆلۆگی (پۆلێنکردن)، کە پەیوەندیی خزمایەتیی بە ئەدەبەکەوە نییە، بەڵام لە کاتی توێژینەوەدا ئەو ئەفسانە، وێنە، ژانرانە دەردەکەون، کە لەنێوان ئەدەبەکاندا هەن، هەروەها دیاریکردنی سیما تایبەتییەکانی ئەدەبی نەتەوەیی، کە وەك پێوەندییەکی سەربەخۆ لێی تێدەگەین.**(محەمەد، 2011، 13-14)**
2. بەراوردی ئەدەبی کاردەکات بۆ زیاتر لێکترگەیشتن لەنێوان گەلاندا، تێڕوانینی نێوان گەلە جیاوازەکان لەیەکتر نزیك دەکاتەوە، شارەزابوونی گەلان لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر وەکوو دەروازەیەکە بۆ زانینی دابونەریتی ئەم نەتەوانە.**(مەعروف، 2006، 122)**
3. بایەخێکی تری بەراوردی ئەدەبی لەوەدایە، کە هەموو دیاردەکان بەهۆی بەراوردەوە دەزانرێن. فێربوونی زانستی بەراوردی ئەدەبی، پێویستییەکی بابەتیی زانستی سەردەمەو لە گۆڕان و پێشکەوتندایەو ئەرکی بەراوردی دیاردە جیاوازەکانی ئەدەب، یان بەراوردی تایبەتمەندیی ئەدەبی گەلانی جیاوازە.**(محەمەد، 2011، 13)**

## بەشی دووەم

## کێشەی بەراوردی ئەدەبی

سەبارەت بە بنچینەی کێشەی بەراوردی ئەدەبی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئەم زانستە ئەدەبییە، چونکە بۆچوونێك هەیە پێیوایە، بەراوردی ئەدەبی هەر لەگەڵ سەرهەڵدانیدا هەڵگری قەیرانی ناوەکیی خۆی بووە، واتە لەگەڵ سەرهەڵدانیشدا، ئەویش سەریهەڵداوە! یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەش چەقبەستنی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان بووە لە چوارچێوەی سنووری کیشوەری ئەورووپیدا، جگە لەوەی کە لەڕووی میتۆدناسییەوە تەنها ڕوانگە مێژووییەکەی بەرز تەماشا دەکرد و بەمەش ئامانجی ئەوە بوو، کە ئەدەبییاتی گەلانی ئەورووپی وەك ئەدەبییاتی سەردەست نیشان بدات، ئەمەو جگە لەو خۆدابڕینەی لە کایە مەعریفییە جیاوازەکانی ترو خۆگرێدانەوە بە بەرهەمی ئەدەبییەوە.

**یەکەم/ ئاستەکانی کێشەکە:**

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

گەڕانەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی بەراوردی ئەدەبی، لە یەك كاتدا هەم لە ئاستەكانی كێشە ناوەكییەكەی تێمان دەگەیەنێت و هاوكات هۆكاری ڕوانگەی ئەوروپاسێنتەرییەكەیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە دیارە ئەمەی دووەمیان پەیوەندیی بە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستەكەوە هەیە، كە بۆ یەكەم جار لە پاریس و 1830 لە دواناوەندی (مەرسیلیا) لەسەر دەستی (جان جاك ئەمپێر)ی كوڕی (جاك ئەمپێر)ی زانای بەناوبانگ لەدایك بووە، ئەویش ئەوكاتەی كە لە سەرەتای وانەگوتارەكانی خۆیدا، بەرنامەی ئەو ساڵەی بابەتەكەی خۆی لەژێر ناونیشانی (مێژووی بەراوردی هونەر و ئەدەب لای تەواوی میللەتان) خستەڕوو.(بۆ زانیاریی زیاتر دەڕوانرێتە: محەمەد، 2011، 10، هەروەها: عەبدوڵڵا، 2008، 63)

هەرچەندە سەرچاوەی تر هەن، ئەو مێژووە دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی 1827، كاتێك (ڤیلمان لە زانكۆی سۆربۆنی فەرەنسی لە كاتی وانەوتنەوەدا ئەم زاراوەیەی بەكارهێناو لە جیهانی ئەدەبییاتدا چەسپاندی. (ڤیلمان) زاراوەی (بەراوردكردن)ی لە زانستی (توێكاریی لەش)ەوە، كە لەلایەن (كۆڤیی) بەكاردەهات، گواستەوە بۆ ناو بواری ئەدەبی. (قادر، 2007، 80)

لەگەڵ بوونی ئەم جیاوازییانەشدا، هێشتا خاڵی جەوهەریی لە مێژووی بەراوردی ئەدەبیدا، وەك خۆی دەمێنێتەوە، كە ئەویش ئەوەیە، ئەم چەشنە ئەدەبە ((لە ئەوروپا سەریهەڵداوە، بەشێوەیەكی بەرجەستەتر لە فەرەنسەدا برەوی پێدراوەو گەشەی كردووە، بۆیە لە پرۆسەی بەراوردكاریدا هەوڵدراوە مەزنیی ئەدەبی فەرەنسی بەتایبەتی و ئەدەبی ئەورووپی بەگشتی دەربخرێت، كە كاریگەرییەكی بەرچاویان لەسەر ئەدەبییاتی نەتەوە جیاجیاكانی دیكەی دنیا هەبووە.))(ئەسوەد، 2011، 47) هەڵبەتە سەرهەڵدانی بەراوردی ئەدەبی پەیوەندیی بە دوو ئاراستەی مێژووییەوە هەیە، كە كاریگەریی گەورەیان بەسەرییەوە جێهێشتووە، ئەوانیش:

ئاراستەی یەكەم: بزووتنەوەی ڕۆمانیتكی بوو، كە ڕێخۆشكەر بوو بۆ مرۆڤ، تا دەستی بە مافەكانی خۆی بگات و بوو بە لانكەی زۆربەی شۆڕشەكانی دونیا، هەروەك زەمینەخۆشكەریش بوو بۆ سەرهەڵدانی زۆربەی ڕێبازە ئەدەبییە نوێیەكان و هاریكار بوو لە چێبوونی پێوەندیی لەنێوان ئەدەبە جیاوازەكاندا، ئەمەش ئاسانكاریی كرد بۆ سەرهەڵدانی لێكۆڵینەوەی بەراوردكاریی.(المحمودي، 2007، 113)

ئاراستەی دووەم: پێشكەوتنی زانستی بوو، هەروەك زانراوە ئەوروپا لەو سەردەمەدا شۆڕشێكی گەورەی پیشەسازیی بەرپاكرد، كە بوویە هۆی پێشكەوتن و پێشەوەچوونێكی بەرچاو لە هەموو بوارەكانی ژیاندا، بێگومان هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەدەب بەر كاریگەرییەكەی بكەوێت و فراژیی بكات.(المحمودي، 2007، 116)

ئەمەو لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و قۆناغەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسیی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، جەوهەری زۆر پرس و بابەت لە جیهاندا دووچاری گۆڕانی بنچینەیی بوونەتەوە، بەتایبەت لە سەردەمێكدا كە بە زاراوەی (پاش بونیادگەریی) یان (پۆستمۆدێرنیزم) گوزارشتی لێدەدرێتەوە، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە، ئەگەر پێمانوابێت بەراوردی ئەدەبی لەنێو قەیراندایە.

**دووەم/ ڕەهەندەكانی كێشەكە:**

دەتوانین كێشەی بەراوردی ئەدەبی لە دوو ڕەهەندەوە تەماشا بكەین، یەكەمیان ئەو كێشە دێرین (ناوەكی)ـانەی كە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستەكەوە تێبینی كراون و جێی سەرنجی خودی لێكۆڵەرانی بەراوردكار بووە، كە ئەوانیش بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

1. كێشەی ڕێبازی لێكۆڵینەوە.
2. سنووری بەراوردی ئەدەبی.
3. ئامانجی بەراوردی ئەدەبی.

ڕەهەندی یەكەمی ئەم قەیرانە پەیوەندیی هەیە بە ((گەڕان بەدوای نەسەقێكی مەعریفی تایبەت بە توێژینەوە، بە شێوەیەك كە جیاوازیی بكات لەنێوان توێژینەوەی بەراوردی ئەدەبی و توێژینەوەكانی تر لە بوارەكانی مەعریفەی ئەدەبیدا.))(الخطیب، 1999، 19-20) بەومانایەی بەراوردی ئەدەبی زۆرجار وا دەردەكەوێت، وەك ئەوەی لەڕووی میتۆدییەوە زۆر ورد و دیاریكراو نەبێت، تەنانەت بەراوردكارەكان خۆیانیش دوودڵ و ڕاڕان لە چۆنێتیی یەكلاییكردنەوەی ئەم كێشە جەوهەرییەدا.(دەڕوانرێتە: دومینغیز واخرون، 2017، 52)

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

سەبارەت بە سنووری بەراوردی ئەدەبی، ئەوا لەڕاستیدا پەیوەندیی بەو سێ چەمکەوە هەیە، کە پێشتر ئاماژەمان پێیاندا، ئەویش پەیوەندیی و جیاوازیی نێوان لێکۆڵینەوەکانی بەراوردی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبی نەتەوەیی و ئەدەبی گشتی و دواجاریش ئەدەبی جیهانییە، کە زۆرجار جۆرە تێکەڵییەك لەنێوانیاندا دەکرێت و تەنانەت ئاڵۆزیشی لێدەکەوێتەوە. ئەمە جگە لەوە چەقبەستنەی لە سنووری ئەدەبییاتی کیشوەری ئەورووپیدا، کە وایکردبوو ئاوڕ نەداتەوە لە ئەدەبییاتی گشتی و جیهانی.

هەرچی ئامانجی بەراوردی ئەدەبییە، ئەمیش بۆ خۆی دەبێتە یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی قەیرانە دێرینەکەی ئەم زانستەی ئەدەب، بەوپێیەی کە خۆی دەبینێتەوە لە ((کێشەی دیاریکردنی ئەرکی جۆرایەتیی بەراوردەکە لە چوارچێوەی مەعریفەی ئەدەبیدا، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە سیمایەکی ناوەکیی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێت.))(الخطیب، 1999، 20) واتە لە تخوبی گشتێتی و جیهانیبوون دوور دەکەوێتەوە.

سەبارەت بە ڕەهەندە نوێیەکانی کێشەی بەراوردی ئەدەبی، کە لەڕوانگەیەکی نوێوە بەسەریدا دەنواڕێت، ئەوا لەڕووی هۆکاربەندییەوە پەیوەندیی بە کۆمەڵێك خاڵەوە هەیە، بەتایبەت ((سەرهەڵدانی چەند فاکتەرێك و بە هۆی گۆڕانکاریی فیکری و ئەدەبی و ئابوریی، لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بەتەواویی بەرەو کزی ڕۆیشتووە. دەشێت چالاکیی بەردەوامی پرۆسەی وەرگێڕان لە سەرانسەری جیهاندا یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە ئەمڕۆ بەئاسانی دەتوانێت ئەدەبی نەتەوەکانی دنیا بە یەکتر ئاشنا بکات و لەیەکیان نزیکبخاتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی گڵۆبالیزەیشتن و پەیوەستکاریی و پەیوەندیی خێرادا، هەروەها پەرەسەندنی میتۆدەکانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و سەرهەڵدانی چەمکی وەکوو دەقاوێزان.))(ئەسوەد، 2011، 52) ئەمەو لەلایەکی ترەوە سەرهەڵدان و هاتنەگۆڕێی کۆمەڵێك تیۆری ڕەخنەیی، کە کاریگەرییەکی گەورەیان کردە سەر ڕێڕەوی تەواوی تیۆری ئەدەب و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی، بە چەشنێکی ئەوتۆ بەراوردی ئەدەبیش وەك یەکێك لە لقەکانی ئەدەبناسی نەیتوانیوە لێی بەدەربێت، هەربۆیە دەبینین (ڕەخنەی ڕۆشنبیری) وێڕای کاریگەریی گەورەی بەسەر سستکردنی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانەوە، بەڵام هاوکات پەیوەندییەکی بەتینیشی لەگەڵدا هەیەو وەك سەرچاوەیەکی نوێی بزواندنی کێشەکە خۆی دەردەخات.

کەواتە ئەگەر تەماشای مێژووی بەراوردی ئەدەبی بکەین، دەبینین بە کۆمەڵێك قۆناغی پێشکەوتن و پەرەسەندنی هەمەجۆردا گوزەری کردووە، لەو نێوەندەدا گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینیوەو لە زۆربەشیاندا پەیوەندیی بەو گۆڕانکارییانەوە هەبووە، کە لە بەستێنی لێکۆڵینەوە ڕەخنەیی و تیۆریی و مێژووییەکانی ئەدەبدا هاتوونەتە ئاراوە، ئەمە وێڕای ئەو کاریگەرییە بەردەوامانەی کە بوارە جیاجیاکانی مەعریفەی مرۆیی بەسەر بەراوردی ئەدەبییەوە هەیبووە.(دەڕوانرێتە: بوحالة، 2017، 121)

لێرەوە هەوڵدەدەین لە بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیەماندا، لەڕێگەی خستنەڕووی ماهییەتی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە، دەستنیشانی هێڵەکانی پەیوەندیی لەگەڵ و کاریگەرییەکانی لەسەر بەراوردی ئەدەبی بخەینەڕوو.

## بەشی سێیەم

## کێشەی بەراوردی ئەدەبی و ڕەخنەی ڕۆشنبیری

بۆئەوەی بتوانین لە چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی تێبگەین، پێویستە سەرەتا ئاراستەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دەستنیشان بکەین، ئەویش ئاراستەی ڕەخنەی کلاسیکی، کە نووسەر دەکات بە سێنتەری لێکۆڵینەوەکانی و ئاراستەی مۆدێرن، کە دەق تێیدا دەبێت بە سێنتەر و دواجاریش ئاراستەی خوێنەرسێنتەرییە، کە خۆی لە تیۆرەکانی وەرگرتندا دەبینێتەوە، بەڵام ڕەخنەی ڕۆشنبیری، کە خۆی لە دەرەوەی ئەو ئاراستانەی ڕەخنەوە دەناسێنێت، بەوپێیەی کە تێڕوانینێکی تیۆریی هاوچەرخەو گرنگی بە ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب و هونەرو سینەماو کەناڵەکانی تری پەیوەندیی دەدات، کە ئەمەش زیاتر خۆی وەك جێگرەوەیەکی میتۆدگەرایی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دەناسێنێت، ئەگەرچی ((هەندێکیش دەڵێن ڕەخنەی ڕۆشنبیری چالاکییە نەك میتۆد.))(بەرزنجی، 2024، 212) بەڵام لەدواجاردا ئەو تەلیسمەی لە زاراوەی (ڕۆشنبیری)دا خۆی حەشارداوە، جۆرە باڵادەستییەك بەسەر زاراوەی (ڕەخنە)دا نیشان دەدات،(دەڕوانرێتە: قەتوس، 2011، 303 بەدەستکارییەوە) لێرەشەوە پەیوەندیی نێوان (ڕەخنەی ئەدەبی)و (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی) سەردەکێشێت بۆ دیالەکتیکی ئەوەی ئاخۆ ئەمەی دواییان جێگرەوە یان کێبەرکێکەری ئەوەی یەکەمیانە؟

هەڵبەت هەمان پرسیار لەبارەی پەیوەندییە کێشەئامێزەکەی نێوان بەراوردی ئەدەبی و ڕەخنەی ڕۆشنبیریش بەڕاست دەگەڕێت، واتە ئاخۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیریی سەریهەڵداوە لەپێناو ئەوەی بەراوردی ئەدەبی بسڕێتەوەو لە پانتایی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەریبهێنێت یان ڕەخنەی ڕۆشنبیری وزەو گیانێکی نوێ بە بەر لێکۆڵینەوەکانی بەراوردی ئەدەبیدا دەکاتەوە؟

ئێمە لێرەدا جارێ لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم خۆمان دەبوێرین و دەپەرژێینە سەر کورتەی جیاوازیی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی ڕۆشنبیریی، کە خۆی بۆخۆی وەڵامی پرسیاری یەکەممانەو ئەویش لە خاڵێکی جەوهەریدا کورت دەبێتەوە، بەوەی: ئەگەر پرسیاری سەرەکیی ڕەخنەی ئەدەبی بریتی بێت لە: ئایا ئەم کارە ئەدەبییە جوانە؟ ئەوا پرسیارەکە لەڕوانگەی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە دەگۆڕێت بۆ: بۆچی ئەم کارە ئەدەبییە بە جوان دەزانین و ئەو بەها شاراوانە چین، کە لەڕێگەیەوە لەناو کۆمەڵدا دەچەسپێن؟(بۆ زانیاریی زیاتر دەڕوانرێتە: ایزابرجر، 2003 و الغذامی، 2005 و کالەر، 2021) لێرەوە لە تەوەری یەکەمی ئەم بەشەی توێژینەوەکەماندا، هەوڵدەدەین ماهییەتی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی زیاتر ڕوون بکەینەوەو دواتر دەپەرژێینە سەر باسەکانی تری پەیوەست بەم پرسە.

- **یەکەم/ ماهییەتی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی**

ڕەخنەی ڕۆشنبیریی لەڕووی تێرمینۆلۆجییەوە، زاراوەیەکی ڕووسی-ئەڵمانی، ئۆرائەمریکییە(بوحالة، 2017، 121) هەڵبەت هەر لە سەرەتاوە ئەم پێکداچوونە ئاڵۆزەی زاراوەکە ڕووبەڕوومان دەکاتەوە لەگەڵ ئاڵۆزیی چەمکەکەیدا، کە ڕاستەوخۆ تێدەگەین، لەوەی فرە ڕەهەندەو هەموو ئاراستەکان دەگرێتەوەو پەلهاوێژە بۆ ناو زۆر بواری تری ژیانی کەلتوری و کۆمەڵایەتیی مرۆیی، لە نموونەی پەیوەندیی دەق لەگەڵ سەرمایەداری، پیاوسالاریی، ڕەگەزپەرستی، فیمینیزم، سیاسەت و ئاین و... هتد، بەجۆرێك کە (ئارتور ئێزابرگەر) لە کتێبەکەیدا (بنەماکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری) دەڵێت: ((ئەو زاراوانەی لە ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا بەکاردەبرێن، بەجۆرێکی ئەوتۆ قورس و ئاڵۆزن، کە تێگەیشتینان ئاسان نییەو بگرە بەلای کەسانی ئاساییەوە ئەو زمانەی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەکاری دەهێنێت، زمانێکی تێکچڕژاوی ناڕوونە.))(ایزابرجر، 2003، 31) بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەشدا دەشێ وەك هەنگاوێکی بەرایی و لە واتا گشتییەکەیدا ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەوە پێناسە بکەین، کە: ((بریتییە لە چالاکییەکی فیکری، کە ڕۆشنبیری بەمانا سەرجەمگیرەکەی دەکات بە بابەتی توێژینەوەو بیرکردنەوە.))(ئەسوەد، 2011، 145)

هەر لەبارەی پێناسەی ماهییەتی ئەم ئاراستەیە لە ڕەخنەی پاش-بونیاگەریدا هاتووە:((پەتایەکە لە پەتاکانی هزری ڕۆژئاوایی لە ڕاکردنی بەردەوامی بۆ تێپەڕاندنی نوێگەریی و پاش-نوێگەریی، بەو سیفەتەش لە ڕۆشنبیری دەڕوانێت، کە چەترێکی فراوانەو ئاراستە ڕەخنەییە ڕۆژئاواییەکانی وەك: مێژووگەرایی نوێ، پاش کۆڵۆنیالیزم و ڕەخنەی فیمینیستی لەژێر باڵی خۆیدا کۆدەکاتەوە.))(فەتووس، 2011، 305)

ئەم جۆرە لە پرۆسەی ڕەخنەیی، خاڵی بەهێزی لەوەدایە، کە((سوود لە سۆسیۆلۆژیاو ئەنترۆپۆلۆژیاو مێژوو و هونەرو ئابووری و سیاسەت وەردەگرێت بێ ئەوەی پشت لە میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بکات, واتە ڕەخنەی ڕۆشنبیری میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خوێندنەوەی تێکستە فەرامۆشکراوەکان بەکاردەهێنێت، کە ڕەخنەی ئەدەبی نکۆڵی لە بایەخ و بەهای ئەو تێکستانە دەکرد، بە پلەیەکی زیاتریش سوود لە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەی دێریدا دەبینێت.))(ئەسوەد، 2015، 202)

لە ڕوانگەی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە ((هەندێك لەو بیرۆکانەی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕاستیی سەلمێنراو بوون، وەك بیرۆکەی لاسایی، خەیاڵ، ڕەمز... هتد، بوونە جێی گومان، چونکە لە تێڕوانینی ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا ئەمانە لەسەر شیکردنەوەی ئەو دیاردە ئەدەبییانە دامەزراون، کە ڕەخنەی تەقلیدیی دامەزراوەیی بەرهەمی هێناون و دەستەوسانە لە شیکردنەوەی دیاردەی ڕۆشنبیری بەو چەمکە فراوانەی کە ئەم ڕەخنەیە بەرەنگاری دەبێتەوە. ڕەخنەی ڕۆشنبیری لەجێی ئەم چەمکانە بیرۆکەی نوێی دانا، ئەویش بریتییە لە مێژووی دەقەکان و بەدەقکردنی مێژوو، واتە وەك مێژوو مامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا دەکات.))(خەلیل، 2017، 14)

کەواتە ڕەخنەی ڕۆشنبیری جۆرە هەوڵێکی هاوچەرخانەیە بۆ گۆڕین یان (تەوزیفکردنی ئامرازی ڕەخنەیی، بە جۆرێك کە لە ئەدەبییەوە بیگۆڕێ بۆ کولتوری، ئەمەش بە گرتنەبەری ڕێگاگەلێکی جەوهەری دەبێت، کە بەهۆیەوە زاراوەکانی دەگۆڕێن بۆ ئەوەی کە کارابن لە بوارە نوێیەکەیاندا.))(غەزامی، 2020، 33) بەمەش ڕەخنەی ڕۆشنبیری دەیەوێت ڕیزبەندییە دامەزراوەییەکانی دەق تێپەڕێنێت، بەو سیفەتەی بەڵگەنامەیەکی ستاتیکییەو بەرەو

کرانەوە بچێت بە ڕووی گوتاردا لەو ڕووەوە، کە دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی فراوانترەو سیستمی گوزارشتکردنی تایبەت بە خۆی هەیە.(قەتووس، 2011، 306) ئەمەش بەوپێیەی کە ئەم جۆرە لە کردەی ڕەخنەیی هەر بەتەنها لایەنی ئیستاتیکیی دەق بەهەند وەرناگرێت، بەڵکوو ((ڕوو لە ڕیزبەست (نسق)ی شاراوەی نێو دەق و گوتاری ئەدەبی دەکات، لە زەمینەی ڕۆشنبیری و سیاسی و مێژوویدا لێیان دەکۆڵێتەوە. هەروەها بەدوای ئاشکراکردنی ئەو خەوشە نەسەقییانەدا دەگەڕێت، کە لە ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوتدا هەن.))(بەرزنجی، 2024، 213)

ڕەخنەگری ئەمریکی (ڤینسینت لیتچ)، کە بە یەکێك لە پێشەنگەکانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری دادەنرێت، لە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، برەوی بەم چەشنە ڕەخنەیە داو ناوی لێنا (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی پاش-بونیادگەری) بەوپێیەی ئەم جۆرە ڕەخنەیە خۆی بە ڕێبازێکی دیاریکراوی یان میتۆدو ڕێچکەیەکی دیاریکراو نابەستێتەوە، بەڵکوو دەشێ لە خوێندنەوەی دەقدا سوود لە سەرجەم ڕۆشنبیری و فیکرو میتۆدو مێژوو و زانستەکان وەربگرێت و پراکتیزەیان بکات، ئەمەش بەوپێیەی کە ئەدەب سنووری نییەو بۆی هەیە سوود لە هەموو میتۆدو کولتورێك وەربگرێت بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندیی ئەدەب و کۆمەڵگە، یان ئەدەب و واقیع.(ئەسوەد، 2011، 146 بەدەستکارییەوە) (ڤینسینت لیتچ) سێ سیمای سەرەکی لە ڕەخنەی ڕۆشنبیریدا دیاری دەکات:

1. ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنبیری و شیکردنەوەی چالاکییە دەزگاییەکان دەکات بە ئەرکی سەرەکیی خۆی، جگە لەوەی پشت بە سەرجەم میتۆدەکان دەبەستێت، لەوانە ئەو میتۆدانەی کە فۆرمالیستەکان و بونیادگەراکان بە میتۆدی تەقلیدی و بەسەرچوو ناویان دەبرد، وەك میتۆدی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و مێژوویی.(ئەسوەد، 2015، 203)
2. هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو پۆلبەندییە دامەزراوەییە دەدات، کە بۆ دەق کراوە، بەوپێیەی کە دەق کارێکی ئیستاتیکییەو خۆی والادەکات بەسەر هەموو ئەوانەی کە نائیستاتیکین لە نەریتە دامەزراوەییەکەدا، بەوپێیەی کە گوتار یان دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی فراوانترە.(البدیری، 2009، 59)
3. ڕەخنەی ڕۆشنبیری پەنا دەباتە بەر میتۆدەکانی پاش بونیادگەری، بەتایبەتی لە خوێندنەوەی دەقدا پشت بە بۆچوون و کارەکانی بارت و دێریدا و فۆکۆ دەبەستێت.(ئەسوەد، 2011، 149- 150)

- **دووەم/ لە بەراوردی ئەدەبییەوە بۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاریی:**

ئەو کرانەوە گەورەیەی ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەسەر زۆربەی دیاردەو دەرکەوتە زانستییەکانی سەردەمدا، وای کردووە لەوەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و یەکلایەنە لەگەڵ ئەدەبی بەراوورددا دابمەزرێنێت، ئەمەش زیاتر لەسەر حیسابی بەراوردکارییە ئەدەبییەکە ڕۆشتووە، نەك بەپێچەوانەوە.

بۆیە لەڕوانگەی بۆچوونی زۆربەی توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەم بەستێنەوە، ڕەخنەی ڕۆشنبیریی وەك جۆرێك لە هەڕەشە تەماشا دەکرێ بۆ سەر ئایندەی لێکۆڵینەوەکانی بواری بەراوردی ئەدەبی، نەك وەك هاوبەشێك، کە بەشداربێت لە بەرەوپێشبردنیدا، هەروەك (د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) لەم بارەوە دەڵێت: ((ئەمڕۆ بەدەگمەن لە ئەدەبییاتی جیهانیدا لێکۆڵینەوەیەك دەبینیت لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری، یان نووسەرو ڕەخنەگرێك نابینیت سەرقاڵی ئەم چەشنە ئەدەبە بێت. یان بڵێین بەشی زۆری ڕەگەزەکانی ئەم ئەدەبە لەنێو میتۆدو ژانرو ڕێبازە تازەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرندا پەرت بووە. ئەم بابەتە تەنها لەنێو چوارچێوەی خوێندنی ئەکادیمی و زانکۆکاندا دەخوێنرێت، لە ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا ئامادەیی نەماوە.))(ئەسوەد، 2011، 52- 43)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کۆمەڵێکی تر لە ڕەخنەگران و توێژەران ئاماژە بەوە دەدەن، کە چارەسەرییەکی تەواوکارانە بۆ پرسی ململانێ و کێبەرکێی نێوان توێژینەوە ڕۆشنبیریی و بەراوردکارییەکان بدۆزرێتەوە، ئەگەرچی لەڕوانگەی چەمکی کێشەوە تەماشای پرسەکە بکەین، ئەوا ناتوانرێت باس لە چارەسەری تەواوکارانە بکەین، چونکە هەر لە بنەمادا چەمکی کێشە هەڵگری خەسڵەتی بەردەوامی و کرانەوەیە، بەپێچەوانەی قەیرانەوە کە کاتی و داخراوە، بەڵام لەڕوانگەی پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا، جا لە ئاستی کێشە یان لە ئاستی قەیراندا لێی بڕوانین، ئەوا لەم نێوەندەدا بۆچوونەکانی ڕیڤاتێر (1924- 2006) ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەو مەبەستە، کە شیانی هاریکاریی لەنێوان ئەم دوو کێڵگە مەعریفییەدا پێشبینی دەکات، هەر لەڕوانگەی ئەویشەوە ئەمە بەدی نایەت، هەتا ئەگەر نەتوانرێت پانتایی بواری توێژینەوەی هەریەك لەو دوو کایە مەعریفییە بەوردیی دیاری نەکرێت.(دەڕوانرێتە: البدیري، 2009، 61 بەدەستکارییەوە)

ئەگەر بڕوانینە تیۆری ئەدەبی هاوچەرخ چاومان بە زاراوەیەکی نوێی وەك (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاری) دەکەوێت، ئەمەش ((لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی زانکۆی کالیفۆرنیا، کە لە ئێرفینی بەریتانیا لەنێوان

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

22و 25 مای 2005 سازکرا خرایەڕوو، مەبەست لەوەش ئەدەبی بەراوردکاریی نوێیە، کە پێکهاتووە لە ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاری و ئەمەش لە سێ سەرچاوەی سەرەکییەوە ئاوی خۆی هەڵدەگۆزێ، کە بریتین لە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ڕەخنەی ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەکان پۆست-کۆلۆنیالیزم.))**(بوحالة، 2017، 121)**

ئەوەی زاڵبوونی ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەسەر بەراوردی ئەدەبیدا زەقتر دەکاتەوە، ئەوەیە کە (ستیڤن توتوسی) ئەمریکی لە (1994) ئاماژەی پێداوەو دەڵێت: ((بەراوردی ئەدەبی کۆمەڵێك مەیدان و پانتایی لەخۆدەگرێت، کە توێژەرانی ڕەخنەی ڕۆشنبیری خستوویانەتە چوارچێوەی توێژینەوەکانی خۆیانەوە.))**(البديري، 2009، 61)** هەڵبەت مەبەستی (توتوسی) لەو کۆمەڵە مەیدان و پانتاییەی کە بەراوردی ئەدەبی لەخۆی دەگرێت، قوتابخانەی ئەمریکییە، کە بەتەواوەتیی پێچەوانەی قوتابخانەی فەرەنسی و ڕوانینە ئەوروپییەکەیە، کە ئەمەش ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت، لەوەی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی دەتوانێت وەك جێگرەوەیەك خۆی نمایندە بکات لەهەمبەر بەراوردی ئەدەبیدا بەکۆی قوتابخانەو ڕەوت و ڕێبازەکانییەوە. بەم جۆرەش ئەم تێڕوانینەمان ڕەوایەتیی ئەو پرسیارە زیاتر دەکات، لەوەی ئاخۆ ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەراوردی ئەدەبی دەسڕێتەوە یان بەهێزی دەکات؟ کە لەم ڕوانگەوە ئێمە پێمانوایە چەمکی بەراورد بەهۆی ڕەخنەی ڕۆشنبیرییەوە تەواو گۆڕاوەو تازە ناتوانێت لەم سەردەمەدا بەهەمان ئەو میکانیزمانەی پێشترەوە درێژە بە خۆی بدات.

هەر لەم ڕوانگەوە لە سەرچاوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی عارەبیدا، ناوی (عزالدين مناصرە)، کە یەکێکە لە ڕەخنەگرو توێژەرە ناودارەکانی عەرەب، بەو جۆرە تۆمارکراوە، کە لە داهێنانی چەمکی (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاری)دا پێش ڕۆژئاواییەکان کەوتووە، ئەمەش بەوپێیەی ناوبراو کتێبێکی لە ساڵی (1988) بەناونیشانی (المثاقفة والنقد المقارن) نووسیوەو تێیدا زاراوەی (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاری), دواتریش لە ساڵی (2005) کتێبی دووەمی بە ناونیشانی (النقد الثقافي المقارن منظور جدلي تفكيكي) نووسیوەو تێیدا چەمکی (ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەراوردکاری) بەتەواوەتیی چەسپاندووەو لە ڕوانگەی دیالەکتیکی هەڵوەشانەوەگەرییەوە چەمکەکەی دەستنیشان کردووە. هەروەك جیاوازییەکی ڕوونیشی کردووە لەنێوان چەمکە ئیشکالییەت-ئامێزە پەیوەندیدارەکانی وەك (ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەراوردکاری)دا. لەوبارەوە (موناسیرە) دەڵێت: ((ڕەخنەی ڕۆشنبیریی نەسەقە چەپێنراوەکانی ئەدەبی تاکە نەتەوەیەك و دەقە ڕۆشنبیرییەکانی تاکە ڕۆشبیرییەك دەخوێنێتەوە، بەڵام ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاریی هەڵدەستێ بە خوێندنەوەی دەقە ڕۆشنبیرییەکان لە پەیوەندیدا بە دەقە ڕۆشنبیرییەکانی جیهانەوە.))**(دەروانرێتە: بوحالة، 2017، 123- 125)** بە واتایەکی ترو لە دەرکەوتەی گشتیی تێگەیشتنە دیالەکتیکییەی (موناسیرە)دا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاریی بەدوای نەسەقە ڕۆشنبیرییە شاراوەکان لە دووتوێی دەق و دیاردەکانی ژیانی ڕۆشنبیریماندا دەگەڕێت، لەکاتێکدا بەراوردی ئەدەبی سنووری ڕۆشنبیریی و زمانەوانییەکانی ئەو دەق و دیاردانە دەبڕێت، کە دەیەوێت لەگەڵ یەکتردا بەراوردیان بکات.

هەروەها ئەو پرەنسیپانەی کە ڕەخنەی ڕۆشنبیری وەك میتۆدی بەراوردکارییەکەی خۆی پشتیان پێدەبەستێت، بریتییە لە توێژینەوە نەسەقییەکان، کە ناوەڕۆکی ڕۆشنبیریی دەکات بە بابەتی توێژینەوەکانی خۆی بە جیاوازیی پێکهاتەو میکانیزم و بەرهەمەکانیانەوە.))**(البديري، 2009، 62)** لەگەڵ ئەوەشدا پانتایی چەمکی دەق فراوانتر دەکات و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵێك پێدراوی ترەوە، کە پێشتر لە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، بەمەش ئاسۆکانی ڕوانین لە ئەدەب و دەقی ئەدەبی بەرینتر دەبێت و لە ئاستی مەعریفی و میتۆدیشدا بەهێزتر دەردەکەوێت، چونکە لەیەك کاتدا کۆکردنەوەیەکی ورد لەنێوان ئەدەب و ڕۆشنبیری بەمانا گشتگیرەکەی و چەمکی ڕەخنەدا دروست دەکات و بە ئاکامێکی بەراوردکارانەی ئاست بەرزی دەگەیەنێت.

## ئەنجام

ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لە چەند خاڵێك، کە لای خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

1. پەیوەندیی نێوان بەراوردی ئەدەبی و ڕەخنەی ڕۆشنبیریی کێشەیەکە خۆی لە چوارچێوەی پرسیارێکی تیۆریی بەردەوام و کراوەدا دەخاتەڕوو، هەر وەڵامێکیش بۆ ئەو پرسیارە تێگەیشتنە لە سروشتی کێشەکە، لێرەوە دەردەکەوێت، کە پەیوەندییەکەی نێوانیان سروشتێکی کاتیی نییە، کە پێویستی بە چارەسەرێکی بەپەلە هەبێت

و لەڕێگەی بڕیاردانەوە کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵکوو کێشەکە وەك پرسێکی بەردەوام و کراوە دەمێنێتەوە، بۆیە هەر هەوڵێك لەپێناو چارەسەریدا، هاوتایە بە دۆزینەوەو دانانی شوناسێکی نوێ بۆ بەراوردی ئەدەبی، نەك سڕینەوەو لە بەینبردنی، هەروەك لە چەمکی ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاریدا ئەمە دەردەکەوێت.

2. ڕەخنەی ڕۆشنبیری بەراوردکاری کە لەسەر بنەمای سەرەکیی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ئەدەبی پاش-کۆلۆنیالیزم خۆی بنیادناوە، لە کێبەرکێیەکی گەورەدایە لەگەڵ بەراوردی ئەدەبیدا، لەم بەستێنەشدا گرنگیدان بە چەمکی (چی لە دەقدا هەیە؟) دەگۆڕێت بۆ (چی لەپشتەوەی دەقەوە هەیە؟) و ئەمەش کێڵگەی جیاوازی لەبەردەم ئەدەبییاتناسیدا کردووەتەوە.

3. هەر پەیوەست بە ئەنجامی بەدەستهاتووی پێشوومانەوەو لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکانی بەراوردی ئەدەبی بەدوای وەڵامی پرسیاری (بۆچی؟)دا دەچێت، ئەوا ڕەخنەی ڕۆشنبیریی لەیەك کاتدا وەڵامی (چۆن و بۆچی؟)یش دەداتەوە، سەرچاوەی ئەمەش لەو وزە مەعریفییەوە دێت، کە سەردەمی پاش-بونیادگەریی لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتووەو لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕەخنەی ڕۆشنبیریش بەشی خۆی لێهەڵدەگۆزێت.

4. لەکاتێکدا کە بەراوردی ئەدەبی ماوەیەکی زۆر خۆی لە قوژبنێکی تەسکدا مەڵاسدابوو، کە وایکردبوو وەك پێویست توانای بەسەر تێگەیشتنی دەقە بەراوردکراوەکاندا نەشکێت، لەبەرانبەردا ڕەخنەی ڕۆشنبیریی بەراوردکاری دەردەکەوێت ئەو گرفتە تێدەپەڕێنێت و لە ڕوانگەیەکی بەرینترەوە لە دەق دەڕوانێت، بەوەی کە سەر بە سیستمێکی ڕۆشنبیریی گەورەترە، بۆیە بەراوردی ئەدەبی ئەگەر کاریش بکات، ناچار دەبێت پشت بەو تێڕوانینە بەرینەی چەمکی ڕۆشنبیری ببەستێت و وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆخۆی بەکاری بهێنێت.

**سەرچاوەکان**

- یەکەم/ بە زمانی کوردی

أ- کتێب:

1. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (2011): فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
2. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (2015): فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
3. بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیرو عەلی تاهیر (2024): کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
4. خەلیل، ئیبراهیم مەحموود (2017): ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕانی: محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، ناوەندی دیالۆگ، کەرکوك.
5. عەبدوڵڵا، ئیدریس (2016): فەرهەنگی ئەدەب و ڕۆشنبیری (زاراوەو کەسایەتی)، چاپی یەکەم، دەزگای تەفسیر، هەولێر.
6. عومەر، موحسین ئەحمەد (2025): تیۆری ئەدەبی، چاپی یەکەم، دەزگای فام، هەولێر.
7. غەزامی، عەبدوڵڵا محەمەد (2020): ڕەخنەی کولتوری وەك ئەلتەرناتیڤێکی مەنهەجی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێرانی: د.دانا ئەحمەد مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
8. قەتووس، بەسام (2011): دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.
9. کالەر، جاناتان (2021): تیۆریی ئەدەبی پێشەکییەکی زۆر کورت، وەرگێرانی: عەبدولخالیق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
10. گەردی، عەزیز (1978): ئەدەبی بەراوردکاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
11. محەمەد، ئەنوەر قادر (2011): پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

12. مەنمی، سەلام (2007): بەراوردی چەند ئەفسانەو چیرۆکی میللی کوردی و بیانی، چاپی دووەم، ئینستیوتی کەلەپوری کورد، سلێمانی.
13. هاڵبێرگ و دانەرانی تر (2018): تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێرانی: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.

ب- گۆڤار:

1. حەسەن، محەمەد ئەحمەد (2007): ئەدەبی بەراوردکاری و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوایەتی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (125).
2. عەبدوڵڵا، ئیدریس (2008): پوختەیەك لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی مێژووییە)، گۆڤاری (ڕامان).
3. قادر، ڕێبین خەلیل (2007): ئەدەبی بەراوردکاری و مێژووی سەرهەڵدانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (125).
4. قەرەنی، ئەحمەد (2013): خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی هەرسێ قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسی- سلاڤی- ئەمەریکی، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (189).
5. مەعروف، کەمال (2006): بوارەکانی توێژینەوە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (111).
6. مەعروف، کەمال (2006): زانستی ئەدەبی بەراوردکاری، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (106).

**المصادر والمراجع**

أ- کتێب:

1. ايزابرجر, ارثر (2003): النقد الثقافي تمهيد مبدئي للمفاهيم الرئيسية, ترجمة: وفاء ابراهيم و رمضان بسطاويسي, المجلس الاعلى للثقافة, القاهرة- مصر.
2. باسنيت، سوزان (1999): الأدب المقارن (مقدمة نقدية)، ترجمة: أمير حسن نويرة، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للثقافة.
3. الخطيب، حسام (1999): افاق الأدب المقارن عربيا وعالميا، الطبعة الثانية، دمشق- سورية، دار الفكر.
4. دانييل، هينرى باجو (1997): الأدب العام والمقارن، ترجمة: غسان السيد، الطبعة الاولى، سورية، من منشوران اتحاد الكتاب العرب.
5. دومينغيز واخرون، سيزر (2017): تقديم الأدب المقارن (أتجاهات وتطبيقات جديدة)، ترجمة: فؤاد عبدالمطلب، دولة الكويت، سلسلة عالم المعرفة.
6. سكر، راتب (2018): مصطلحات مخاتلة (مصطلح الأدب العالمي أنموذجا), الطبعة الأولى, منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب, وزارة الثقافة, دمشق.
7. علوش, سعيد (1987): مدارس الأدب المقارن دراسة منهجية, الطبعة الأولى, المركز الثقافي العربي.
8. الغذامي, عبدالله (2005): النقد الثقافي قرتءة في الانساق الثقافية العربية, الطبعة الثالثة, المركز الثقافي العربي.
9. المحمودي، رامي فواز أحمد (2007): النقد الحديث والأدب المقارن، دون طبعة، الأردن، دار الحامد.
10. ندى، طه (1991): الادب المقارن، الطبعة الاولى، بيروت، دار النهضة العربية.
11. هلال، محمد غنيمي (2008): الأدب المقارن، الطبعة التاسعة، نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع.
12. وارين و ويليك، أوستن، رينيه (؟): نظرية الأدب، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للفنون والاداب والعلوم الاجتماعية.

ب- نامەی ئەکادیمی:

1. البديري، علي مجيد داود (2009): الأدب العربي المقارن في ضوء جمالية التلقي (الدراسات المقارنة انموذجا)، أطروحة دكتوراه، بأشراف: أ.د.علي عباس علوان، جامعة البصرة.

ج- گۆڤار:

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

1. اصطيف، عبدالنبي (2018): مفهوم الادب القومي، مجلة جامعة دمشق، المجلد (34)، العدد (1).
2. بوحالة، طارق (2017): مفهوم النقد الثقافي المقارن عند عزالدين المناصـــرة، مجلة (الموقف الأدبي)، المجلد (46)، العدد (554)، سورية، اتحاد كتاب العرب.
3. منظم و منصـــورى، هادي نظري و ريحانة (؟): الأدب المقارن مدارســـه ومجالات البحث فيه، مجلة التراث الأدبي، السنة الثانية، العدد الثامن.

**References**

**A. Book:**

1. Isaberger, Arthur (2003): Cultural Criticism: A Preliminary Introduction to Key Concepts, translated by Wafaa Ibrahim and Ramadan Bastawisi, Supreme Council of Culture, Cairo, Egypt.
2. Basnett, Susan (1999): Comparative Literature (A Critical Introduction), translated by Amir Hassan Nouira, First Edition, Supreme Council of Culture.
3. Al-Khatib, Hussam (1999): Horizons of Comparative Literature in the Arab World and Globally, Second Edition, Damascus, Syria, Dar Al-Fikr.
4. Daniel, Henry Pajo (1997): General and Comparative Literature, translated by Ghassan Al-Sayed, First Edition, Syria, published by the Arab Writers Union.
5. Dominguez et al., Cesar (2017): Introducing Comparative Literature (New Trends and Applications), translated by Fouad Abdel-Muttalib, Kuwait, Alam Al-Ma'rifah Series.
6. Sukkar, Rateb (2018): Deceptive Terms (The Term "World Literature" as a Model), First Edition, Publications of the Syrian General Authority for Books, Ministry of Culture, Damascus.
7. Alloush, Saeed (1987): Schools of Comparative Literature: A Methodological Study, First Edition, Arab Cultural Center.
8. Al-Ghadhami, Abdullah (2005): Cultural Criticism: A Reading in Arab Cultural Patterns, Third Edition, Arab Cultural Center.
9. Al-Mahmoudi, Rami Fawaz Ahmed (2007): Modern Criticism and Comparative Literature, No Edition, Jordan, Dar Al-Hamid.
10. Nada, Taha (1991): Comparative Literature, First Edition, Beirut, Dar Al-Nahda Al-Arabiya.
11. Hilal, Muhammad Ghunaimi (2008): Comparative Literature, Ninth Edition, Nahdet Misr for Printing, Publishing and Distribution.
12. Warren and Wellick, Austin, René (?): Literary Theory, First Edition, Supreme Council for Arts, Letters, and Social Sciences.

**B. Academic Notes:**

1. Al-Badiri, Ali Majid Dawood (2009): Comparative Arabic Literature in Light of Reception Aesthetics (Comparative Studies as a Model), PhD Dissertation, supervised by: Prof. Dr. Ali Abbas Alwan, University of Basra.

**C. Govar:**

1. Istif, Abdulnabi (2018): The Concept of National Literature, Damascus University Journal, Volume (34), Issue (1).
2. Bouhala, Tariq (2017): The Concept of Comparative Cultural Criticism in the Works of Izz al-Din al-Manasirah, Al-Mawqif al-Adabi Journal, Volume (46), Issue (554), Syria, Arab Writers Union.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (42-58)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.3**

3. Munazzam and Mansouri, Hadi Nazari and Rehana (?): Comparative Literature, its .Schools and Fields of Research, Journal of Literary Heritage, Second Year, Issue Eight